
## ئەڵقەی قردێلەیی بۆ پەنجەی دەست

جوانی بۆ ئێکسسوارەکان هێمایەکی ناسك و رازاوە دەبەخشێت،، بە گوێرەی ئەوەش دەتوانین لە جوانی ئێکسسوارەکان جوانییەکی تایبەتمان دەست بکەوێت کە جێگەی بایەخ و جوانی بێت. لەگەڵ جوانی هەر ئێکسسوارێك شێوازێکی تازە بەدی دەکەین لەو کاتەی کەرەستەکە دیمەنێکی جوان و رازاوەی هەبێت، جگە لەوەش کە لەگەڵ شێوازی



بە شێکی جەستەدا رێکدەکەوێت، یان هاورەنگ و هاوشێوە دەبێت، ئەو ئێکسسوارانەی هەردەم جێگەی بایەخ و جوانین، ئەوانەن : ئەڵقەی پەنجە – ملوانکە- گوارەی گوێچکە، کە دیارترین جۆرەکانی ئێکسسوارن، لێرەدا بۆ خانمان جوانترین جۆرە ئێکسسواری ئەڵقەمان هەڵبژاردووە، کە شێوەیەکی بچووك و ناسکی هەیە، تەنانەت شێوەی دەرەوەی ئەڵقەکە لەسەر شێوەی گرێ بەستانی قردێلەی سەر وایە، کە ئەمەش وای کردووە، لە ئاراستەیەکی جوانەوە دەربکەوێ و دیمەنێکی رازاوەشی هەبێت.



# نەخش و نیگارکردنی نینۆکی پەنجە

هەنگاوەکانی گرنگیدان بە نینۆکەکانی پەنجە، بەشێکن لە ئەرکە سەرەکییەکانی جوانی جەستە، لە کاتێکدا نینۆك شوێنی بەرچاوە و هەردەم دەبینرێت، بۆیە دەبێ بە جوانترین شێوەوە دەربکەون، پسپۆرانی بواری جوانکاری دەڵێن : نینۆکی پەنجە، نمایشێکی کراوەیە و جوانی و پاکی خانمانی تێدا دەبینرێتەوە، لە مۆدەکانی پێشووی نینۆك وابوو کە هەموو پەنجەکان وەکو یەك بن لە شێوە و رەنگ و دیکۆردا، بەڵام ئەو لایەنە گۆڕانکاری بەسەردا هات و ئێستا دەکرێ هەر نینۆکی پەنجەیەك لە جۆرە رەنگ و شێوەیەك بێ، واتە دەتوانین شێوەی پەنجەیەك جیاوازی هەبێ لەگەڵ ئەوەی تەنیشتی، لەم چەند هەنگاوەدا دەتوانین گشت نینۆکەکانی پەنجە بە رازاوەترین شێوە ئامادە بکەین، لە کاتێکدا هیچیان وەکو ئەوەی دیکەوە نەبێ، ئەمەش لە رێگەی :

- سەرەتا دەبێ رەنگی سەرەکی لە سپی بۆیە بکەین و وەکو رەنگێکی سەرەکی وابێت.
- دواتر دانانی رەنگێکی دیکە، کە جیاواز بێ لە رەنگە سپییەکە، ئەویش نابێ بگاتە نیوەی یەکەمی دەرەوەی نینۆکەکە، ئەم هەنگاوەش تەنیا بۆ نینۆکێك دەکرێ.
- دواتر دێنە سەر نینۆکێکی دیکە و ئەویش جگە لە شوێنی رەنگە سپییەکە، رەنگێکی دیکە داەنێن، بۆ نموونە رەنگی قاوەیی، هەروەها لەگەڵ رەنگە قاوەیەکە رەنگی رەش وەکو خاڵ دادەنێین. ئەمەش بە فلچەی بۆیەکردن.

دوای ئەوەی رەنگەکان دادەنرێ، وەك رەنگی سەرەکی، پاشان دەتوانی لە خۆتەوە شێوەیەك بۆ نینۆکەکان هەڵبژێری، وەك هێڵی بچووك یان شێوەی دیکە وەك گوڵ و پەپوولە یان شێوەی ئاو و رووبار.



# دروست کردنی گوڵ

کاری دەستی یەکێکە لەو بەهرە جوانانەی دەست رەنگینی خانمان، کە هەر یەکە بە جۆرێك لە بەهرە جوان و ناسکەکان دەتوانین چەندین کەرەستەی رازاوە و سەرنجڕاکێش دروست بکەن، بۆیە دەکرێ هەر خانمێك لەو کاتەی دەرفەتێکی هەیە و دەتوانێ لەماڵەوە کاری دەستی بکات و بەو کارە چەندین بەرهەمی جوان و دەستکردی خۆمانەی لێ دروست بکات، هەنگاوەکانیش ئاسانن و دەکرێ بە جوانترین و ئاسانترین رێگەی کارە دەستییەکە بە ئەنجام بگەیەنرێ، لێرەدا دەتوانین لە چەند پارچە کاغەزێك یان پارچە قوماشێك چەندین گوڵی رازاوە و جوان دروست بکەین، دوای ئەوەی پارچەیەك دەهێنین و پاشان بە مەکینەی کارەبایی یان بە مەقەص ناوەندەکەی کون دەکەین، دوای کون کردنیان ئینجا بەرەو ژوورەوەیان دەهێنینەوە و پاشان لەسەر لێواری کاسێکی دەستکرد لە لەفاف و کلیپس کە شێوەی بازنەیی دادەنرێ دواتر ژمارەیەکی زۆر لەو گوڵە دروست دەکەین و هەر یەکە لەسەر لێواری بازنەکە دادەنێین، بەمەش گوڵێکی جوان و رازاوە دەردەچێ، دەتوانیت بە خواستی خۆت رەنگی گوڵەکە هەڵبژێری.

# کراس و کەوا لە ڕەنگی سوور و سپی



**بە هاوکاری نیشاخان - سوید**

نمایش و دیمەنە جوانەکانی کراسی کوردی، لە چەندین شێوەی جوان و ڕازاوە دەردەکەوێت، جگە لەوەی لە مۆدەکانی کراسی کوردیدا، نەخش و دیزاینی تازە دەرکەوتووە، هەروەها گرنگییەکی تەواویش دەدرێت بە دانانی ڕەنگێکی قەشەنگ بۆ کراس و کەوێی کوردی، بەڵام ئەوە گرنگە کە چ جۆرە ڕەنگێك دادەنرێت بۆ جلی کوردی، بەو مەرجەی کە ڕەنگێك بێ، لەگەڵ دیمەنی کراسەکە بگونجێ، هەندێك ڕەنگ هەن کە پێچەوانەی یەکتر خۆیان دەنوێنن، لە یەکێك لە نمایش و کارە جوانەکانی دیزاینەری کورد (نیشا) کە لە وڵاتی سوید دەژی و کاری لەسەر ئامادەکردنی چەندین ستایل و ڕەنگ و شێوەی کراسی کوردییە، ئەمەش یەکێکە لە بەرهەمەکانی نیشا کە هەڵساوە بە دروست کردنی کراسێکی کوردی جوان، کە کراسەکەی ژێرەوەی لە ڕەنگی سوور ئامادەکردووە و هەروەها کەوا کراسەکەش لە ڕەنگی سپی دانراوە، ئەمەش جوانترین گونجاندن دروست دەکات لە نێوان کەوا و کراسەکە، چونکە ڕەنگی سپی و سوور، دوو ڕەنگن زوو تێکەڵ دەبن و دیمەنێکی جوان و ڕازاوەش دەبەخشن بە شێوەی کراسەکە.



## پێڵاوی گونجاو بۆ بۆنە و ئاهەنگەکان

لە هەر بۆنە و ئاهەنگ و شوێنە گشتیەکان، چەندین بەرهەمی جوان و نایاب نمایش دەکرێن، هەر مۆدەیەکیش دیمەنێکی جوان و تایبەتی هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانین دیمەنێکی ڕازاوە بەدی بکەین لە جوانی ئێکسسوار و کەرەستە سەرەکییەکانی بۆ پۆشین و لەبەرکردن، ئەو لایەنەی کە لە بۆنە و شوێنە گشتییەکان گرنگن، پێڵاوێکی جوان، خانمان جگە لەوەی لە بۆنە و ئاهەنگە تایبەتەکان، بە چەندین جلی جوان و ئێکسسواری ناسکەوە ڕازاوە دەبن، بەڵام پێویستیان بە کەرەستەیەکی سەرەکی و جوان دەبێ، ئەویش پێڵاوێکی پاژنەبەرز و جوان دەبێ. بۆ ساڵی تازەش نایابترین مۆدەی پێڵاو دیزان و هەڵبژێردراوە، ئەو جۆرە پێڵاوانەش لە پاژنەیەکی باریك و درێژ پێکدێن، لەگەڵ شێوەی پێشەوەی بچووکە و کراوەیە، تەنانەت بوونی نەخشێکی سادە و جوان لەسەر بەشی پێشەوەدا شێوەیەکی ناسکی هەیە،




سەبارەت بە ڕەنگەکانیش، ئەمەش دەکەوێتە سەر خواستی ئەو کەسەی کە حەزی بەو ڕەنگەیە، یان لەگەڵ شێوازی ڕەنگی جلوبەرگ و ئێکسسوار هەڵیدەبژێرێت.





## کوببەی هەولێری و کوردەواری

خـــواردن و کەرەســـتە خۆماڵەییـــەکان، بەرهەمی خۆمانن و بە تام و جۆشـــێکی خۆشەوە دروست دەکرێن، ڕۆژانە لە ماڵەکان یان لە شوێنە گشتییەکان وەك بازاڕەکان و بە تایبەت بازاڕی شـــەوانە وەك (ئیسکان لە هەولێر) کە بازاڕێکە شەوانە بە سەدەها گەنج و خەڵکی ئەو شارە لێی کۆ دەبنەوە بۆ بەســـەر بردنی کاتێکی خۆش، یەکێك لەو خواردنانەی کە لەم بازاڕەدا دەبینرێ، کوببەی کـــوردەواری خۆمانەیە، کە زیاتر هەولێـــر و کۆیە پێـــوەی بەناوبانگن، ئەو کوببەیە لـــە پیرخەنی دروســـت دەکرێ، کە ئەویش ســـەرچاوەکەی ئاردی بڕووش و ســـاوارە، ئەویش کە لە گەنم دروســـت دەکـــرێ، دوایی ئەوەی پیرخەنی دەهێنرێ و دەکرێتـــە هەویرێکـــی بـــاش و هەندێك شل، پاشان لەگەڵ گۆشـــت و تەماتەی ورد کراو و پیاز و هەندێك کەرەوز و شـــتی دیکەش، بە دەســـت پـــان دەکرێتەوە و ئەو ماددانەی تێدەکرێ و دواتر لەناو ڕۆن سوور دەکرێتەوە و ئەمەش حازر دەبێ بۆ خواردن، لەگەڵ ئەوەشـــدا ئەوەی حەزی لە کوببە بێ، بێگومـــان لەگەڵ چای گەرمی ئەو شوێنە دەیخوات، بۆیە ئەوەی کوببە بکڕێ سەردانێکی چایخانەش دەکات، تەنانەت لە وەرزی زستان بە هەموو کاتێك کوببە هەیە، بەڵام زیاتر بەیانیـــان هەیە و دەخوردرێ، چونکە هێـــز و جۆشـــێکی زۆری تێدایە تاوەکو مرۆڤ بیخوات.



## بووک و زاوای کوردەواری

شـــایی و هەڵپەرکی لە نێو هەموو هۆز و نەتەوەیەك لە گشـــت کات و ســـەردەمێکدا، ڕێسا و نەریتی خۆی هەیە، لە شوێنێك بۆ شوێنێکی دیکە جیاوازیشی هەیە، لەلای کوردەواری خۆشمان بە چەندین ڕێگە و شوێنی جیاواز ئەو کارە ئەنجام دراوە و چەندین کاری جوانی بۆ کراوە، وەك هێنانی بووك لەسەر پشتی ئەسپ، یان لە پێشووتردا بە ڕۆیشتن بووك و زاوا دەستی یەکتریان دەگرت و لە ماڵی بووکە تاوەکو ماڵی زاوا دەهاتن، یان لەلای شارەکانی کوردســـتانی باکـــوور، دەبێ کاکی زاوا بووکەکـــە هەڵبگرێ و بیباتەوە ماڵی خۆی، بەڵام ئەوەی لە کوردستانی خۆمان کاری بۆ کراوە، وەك لە کۆندا، کە ئەم وێنەیە لە ساڵی (١٩٤٧) گیراوە و کە لە یەکێك لە زەماوەندەکانی ئەو ســـەردەمە وابووە، کە بووك و زاوا دەســـتی یەکتر بگرن و لە ماڵی بووکە تاوەکو ماڵی زاوا بە چەپڵە ڕێزان و گۆرانی و بەستە ڕێگەکەیان ئاوەدان دەکردەوە، لەگەڵ ئەوەشـــدا ناوی هەر یەکە لە بووك و زاوا لەسەر تەختێك دەنووســـرا و یەکێك لە پێشـــەوەی کاروانی بووك و زاوا بە دەست هەڵیدەگـــرت و بۆ ئەوەی بزانن کە کێ شـــووی بە کێ کردووە، یـــان بۆ ڕاگەیاندنی ناوی بـــووك و زاوا کە چوونەتە ناو ژیانی هاوسەری.



## کۆتر و لیسی کۆتران!

**ڕەوەند بەختیار**

کۆتر باڵندەیەکی جوان و هێمنی سروشتی کوردستانەو لە زۆربەی ناوچەکانی کوردســـتان دەژیێ، خەڵکانێکی زۆر خولیای بەخێو کردن و ماڵیکردنی کۆترن و هـــەوڵ دەدەن مامەڵەیەکی جوانی لەگەڵدا بکەن بەشـــێوەیەك کە شـــوێن و دانەوێڵەو ئاویان دابین دەکەن کە پێی دەڵێن لیس.

لیس بریتییـــە لەو خانـــووە و بچووکانەی لەشـــێوەی کۆڵیتی داخـــراو بۆ کۆتر دروســـت دەکرێت، جاران ئەو لیســـانە تەنیا لە خشـــتی قوڕ دروســـت دەکران،بەڵام ئێســـتا لە کەلو پەلەکانی وەك ئاســـن و ئەلەمنیۆمیش دروســـت دەکرێت، جگە لەوەی لە ناو ئەو لیســـە شـــوێنی دانەوێڵەو ئاو بۆ کۆترەکان دابین دەکەن هێلانەشـــی تێدا دروســـت دەکرێت بۆ ئەوەی هێلکەی تێدا بکەن وپاشـــان بێچووەکۆترەکانی لەناو گەورە بێت. تەنانەت هەندێك لە کۆتربازەکان لە کوردســـتان، بە پارەیەکـــی زۆر جووتێك کۆتریان فرۆشتووە، یەکێك لە کۆتربازەکان پێیگوتم، کە جووتێك کۆتری بە (٥٠) گەڵا فرۆشتووە، ئەمەش کە نرخی ئۆتۆمبێلێکی سادەیە لە کوردستان، کەسانێکی زۆر کاری کۆتربازی دەکەن و زۆربەی کاتەکانیان لە سەربان و لە شوێنە بەرزەکان بەڕێ دەکەن.



## دوو ڕووخسار لە مرۆڤێکدا

ئەوانەی بە فیلم و کارە سەیرەکان دەردەکەون کە دوو ڕووخساریان هەیە، کاری دەستکردە و هەر یەکە بە جوانی یان بۆ نمایشێك بۆی ئەنجام دەدرێت، کەچی ئەو گەنجە لە وڵاتی بەریتانیا دەژی، بەڕاستی دوو ڕووخساری هەیە، هەر یەکە لە پێشەوە و دواوەی سەریەتی، کە شتێکی سەیرە و بۆتە مایەی سەمەرەی گشت دکتۆران و پسپۆڕانی ئەو بوارە، ئەو گەنجە ناوی (ئیدوارد)ە و یەکێکە لە کەسایەتییەکانی پایەبەرزی ئەو بنەماڵەی پایە بەرزەکان و کاری ئەو گەنجە میوزیك ژەنە و لەگەڵ ئەوەی شێوەی ئاسایی هەیە، هەروەها لە دواوەش شێوەیەکی دیکەی هەیە، کە تەنیا چاوی دادەگرێت و لێوی دەجووڵێت، بەبێ ئەوەی قسە بکات و یان کۆنترۆڵی جەستەی بکات، تەنیا ڕووخسارە و لە پشتی سەر هەیە.









## جوانترین شوێنی چاوەڕوانی پاسەکان

شوێنی وەستانی خەڵك بۆ چاوەڕانی کردن لە پاسدا، لە گشت شوێنێك هەیە، هەر یەکە بە شێوەیەکی شارستانی و مۆدێرن کاریان لەسەر کردووە و دروستیان کردووە، تەنانەت گرنگی ئەو شوێنانە بۆ خەڵکە و دەبێ شوێنێکی پاك و پارێزراو بێ لە ساردی و گەرمی و باران و یان کەشی گەرم، لە کوردستانیش ئەو جۆرە شوێنانە هەن بۆ وەستانی پاسەکان بۆ خەڵك، بەڵام ئەوەی سەیرە ئەوانەی کوردستان بە شێوەیەکی جوان دروست کراوە، کەچی ئێستا زۆربەی شوێنی چاوەڕوانی پاس، شکاون یان بە وێنە و نووسین ناشیرین کراوە، جوانترین شوێنی چاوەڕوانی پاس لە کەنداوی (شەتلاند) لە وڵاتی ئوسکتلەندا هەیە کە بە جوانترین و شایستەترین ڕێگە دروست کراوە، جگە لەوەش بە جوانترین شوێنی چاوەڕانی وەستان بۆ پاسەکان دانرا لە جیهان، بەهیوای ئەوانەی کوردستانیش وا جوان بکرێن.



## جلە سەیرەکانی ٢٠١٣

لە ساڵی ڕابردوودا چەندین کاری سەیر و جوان ئەنجامدرا و دروست کرا، وادیارە لە سەرەتای ساڵی تازەشدا کاری تازەش ئەنجام دەدرێ و تۆمار دەکرێت، تەنانەت لە وڵاتان شتە سەیرەکان تۆمار دەکرێن و دەبن بە مێژوویەکی سەرەتا بۆ ئەو لایەنە، ئەویش لە کتێبی گینس تۆمار دەکرێن وەك یەکەمین و سەرەتاترین و ئەو لایەنانەی کە یەکەمین وەردەگرن، لە وڵاتی فنلەندا سەیرترین جلوبەرگی سەرشەقامەکان تۆمار کران .









# نمایشی لێوەکان

لە سـەیرترین و ڕازاوەترین نمایشی جیهانیدا، کە توانرا لە نمایشـێکی گەورە و جواندا لە وڵاتـی کەنەدا بخرێتە ڕوو، نمایشێکی تایبەت بۆ لێو بکرێتەوە، زیاتر نمایشەکە بۆ کۆمەڵە کچێك بوو، ئەوانەی لێویان جوانە، یان بەشدارییان کردووە لەو نمایشـە، کە لێویان بە چەندین شێوەی جوان و گیانداران و یان وێنەی دیکە بە بۆیە ڕازاندبوویەوە، ئەمەش بووە جێگەی جوانی و سەرسـوڕمانی ئامادەبووانی ئەو نمایشە، ئەوەی سەیر بێ، نمایشەکە تەنیا بۆ سەیرکردنی لێو بوو.

## یاری پیت ریزکردن


هەوڵبدە ئەو پیتانەی ناو بازنەکان ڕێکبخەی بۆ ئەوەی ناوی گۆرانیبێژێکی کچت بۆ دەربچێ.

ا ز ر ا د ن

وەڵامی ژمارەی پێشوو : دەنگی مەخموور

## بۆ زاخـاوی مێشک

* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (خاکەلێوە) بوو



بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیکارە بدۆزیتەوە..

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | | | | |

ئەم چوارگۆشانە بەپیت پڕ بکەرەوە کە لەکۆتایی ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لەماوەی (٥) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە:

**ئاسانکاری**

- پیتی خانەکانی (١+٢+٣) کۆ بکەیتەوە بە مانای (شتێکی جوان و سرووشتییە و بۆنی خۆشە لە باخچەدا هەیە)
- پیتی خانەکانی (٤+٥) کۆ بکەیتەوە بە مانای (شانە بە زمانی هەولێری)
- پیتی خانەکانی (١+٥+٤) کۆبکەیتەوە بە مانای (پێچەوانەی کز)
- پیتی خانەکانی (١+٣)کۆ بکەیتەوە بە مانای (ئەو شتەیە لەسەر زەوی هەیە و لە هەموو شوێنێك هەیە)

### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩



وا پێویست دەکات ئەو کێشەیەی ئێستات بە بێ دەنگی چارەسەر بکەیت، چونکە ناحەزت زۆرەو هەوڵ دەدەن کێشەکەت ئاڵۆزتر بکەن، هەر لەم ماوەیە کەمێك ماندوو دەردەکەویت.

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠




ئەو دونیایە تەنیا ڕۆژێك و دووان نییە، ڕۆژێك هەر دێت ئەو کەسەی کە هەڵویستی بەرامبەرت خراپە پەشیمان بێتەوە، کەمێك دان بەخۆتا بگرە.

### دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠



لایەنی سۆزداریت کێشەو گرفتی تێدەکەوێت، بەڵام دەستەوەستان نامێنیت و هەوڵی بنبڕکردنی گرفتەکان دەدەیت و لایەنی بەرامبەر لەراستیەنکان دەگەیەنیت، بەمەش ویژدانت ئاسوودە دەکەیت.

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢



مەترسە لەرووبەرروونەوەی هەندێ هەڵوێست کە پەیوەندی بەخۆشەویستەکەتەوە هەیە، لەرابردوو دووربکەرەوە تا بەرەو پێشەوە هەنگاو بنێیت، ئامۆژگاری دەوروبەرەکەت وەربگرە.

### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢



لەو پـرۆژەی کە بۆ دوارۆژ بیرت لێکردۆتەوە تەنها ئەوەندەی پێویستە دەست بە جێبەجێکردنیان بکەیت ئەوەی دیکە خۆی بە ئاسانی جێبەجێ دەبێت، گۆڕانکارییەکان وات لێدەکەن لەڕووبەرووبوونەوە نەترسی.

### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢



لەبواری سۆزدارییەوە سۆزێکی ئێجگار قووڵ لەناخی دڵتەوە هەڵدەقوڵێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەش زۆر پارێزی نزکیی خۆشەویستەکەت دەبیتەوە، پێویست بەم هەموو گومانە ناکات و دوو دڵیش مەبە.

# گەورەترین شووتی لە جیهاندا

سەرەڕای ئەوەی لەو وەرزەشـــدا شووتی نییە و کاتی ماوە تاوەکو وەرزی هاوین، بەڵام لە وڵاتی نیوزیلەندا ئێســـتا کاتەکەی گونجاوە بۆ بەرهەمهێنانی شـــووتی، ئەوەی سەیرە لە ساڵی تازەدا گەورەترین شـــووتی لەو وڵاتـــە دۆزراوەتەوە لە یەکێك لە کێڵگەکانی شـــووتی چاندن، کە کێشـــی دەگاتە نزیکـــەی (٤٥) کیلۆگرام، ئەمەش بە گەورەترین شووتی دادەنرێ لە جیهان.



## مانای خەون



**هەنگوین :** پارەیەکی حەڵاڵە، هەروەها شیرینی و کاری باشە و کردەوەی چاکەیە، هەنگوین لە ئاسمانەوە بباریێت مانای ئەوەیە ئایین لە بوارێکی چاك دایە، دەڵێن لەوانەیە هەنگوین غەم و خەفەت و گیروگرفت و حەسوودی بێت، چونکە هەنگوین مێش و زەردەواڵەو مێروولە کۆ دەکاتەوە، هەنگوینی پاڵاوتراو لەسەر ئاگر مانای خێرو خۆشی یە یان پارەیەکی حەڵاڵەو ئەنجامێکی باشە ژیانی ئەو کەسە، یان ڕێگەیەکی پاك و ڕاستە، نەخۆش لە خەودا هەنگوین بخوات چاك دەبێتەوە، خواردنی نان بە هەنگوین دەست کەوتێکی بەردەوامە، هەروەها گوتراوە هەنگوین ماچ کردنی خۆشەویستە و دیاری لەلایەن کەسێکی باش بۆت دێت.

سەرچاوە: خەوننامە !

## دیـوانـە شـیعر

لەتیف هەڵمەت لە شیعری (گوڵ) دەڵێت :

پایز داسی نا لە ملی خەرمانی گوڵی چیا
لە بناری هەورازێکدا
سورە گوڵێ وتی: بریا
لە داسی شووم ڕزگار دەبووم
داس چپەی سوورە گوڵی بیست
گریمان مایتەوە بە تەنیا
چۆن هەڵدەکەی بەبێ دایك و بێ خۆشەویست
گوڵ بزە کەوتە دەمی:
خۆ هەر نەبێ کچێك دەمدا لە پەرچەمی


## پەندی ناوداران



- ئەلیزابێـــس ســـتۆن بۆ منداڵ دەڵێت :

بڕیاری مناڵ خســـتنەوە، بڕیاردانە لـــەوەی کە دڵت بۆ هەتا هەتایە لە دەرەوەی جەستەت بسوڕێتەوە.»

## نوکتە



- یەکێکـــی کەم ئەقـــڵ، دووکانێکی پێڵاو دادەنێ و لەســـەر دووکانەکەی دەنووســـێ: تاکێـــك بکـــڕە و تاکێکی دیکەش بە دیاری وەربگرە.




### تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

لـەبـواری ئەڤینداریییەوە هەست بە دڵتەنگی دەکەیت، ئەمەش بەهۆی دوودڵیتەوە بەرامبەر بە دۆستەکەت و وا هەست دەکەیت کە زۆر شت هەیە لەتۆی دەشارێتەوە لەبیرت نەچێت تۆش زۆر شتت لەو شاردۆتەوە .



### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

دڵـــی دۆســـتـــەکـــەت مەڕەنجێنەو گرنگی پێ بدە، چونکە ئەو تۆی زۆر خۆشدەوێ، ئاگاداری هەڵسوکەتت بە، ئەم ماوەیە هەست بەماندوو بوون و بێزاری دەکەیت.




### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

ئەم ماوەیە زۆر گرنگی بە ژیانی کۆمەڵایەتیت دەدەیـت، هـەروەهـا ئاوات و حەزەکانت زیاتر دەبێت، بەڵام کەمێك دڵـتـەنـگ دەبـیـت بـەهـۆی نارۆشنی ئاکامەکان، بەڵام چونکە بەخت یاوەرت دەکات سەرکەوتنم بۆ تۆیە.



### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

پـاداشـتـێـکـت بەدەست دەگـات و بـاری داراییت بـــەرەو بـاشـتـر دەبـــات، لە پـرۆژەی گەشتێك سەردانی کەسێکی ئـازیـزی دوور لەمێشکت سەرهەڵدەدات، گرفتە سۆزدارییەکەشت بەرو کۆتایی دەچێت.



### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

سادەیی و ساکاریت ئاکارو ڕەوشتی جوانتر کردوویت لـەلای کەسوکاریشت شیرینترو خۆشەویستر بوویت، بەڵام هەست دەکەیت کەسانێك ئەم هەڵسوکەوتانەی تۆ بەهەڵە لێك دەدەنەوە.



### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

لایـەنـی سۆزداریت کـێـشـەو گرفتی تێدەکەوێت، بەڵام دەستەوەستان نامێنیت و هەوڵی بنبڕکردنی گرفتەکان دەدەیت و لایەنی بەرامبەر لەراستیەکان دەگەیەنیت، بەمەش ویژدانت ئاسوودە دەکەیت.